# کێ قازانج دەکات کورد تورە بێت؟

د.کریستینا کۆیڤانین
پسپۆر و کارناسی
سیاسیی تورکیا
لە هلسنکی- فینلەندا

تایبەت بۆ گوڵان
دەینووسێ

چەند مانگێک لەمەوپێش وتارێکم سەبارەت بە وتووێژی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا لە رۆژنامەی کۆسمۆ پۆلیس(Kosmopolis)ی فنلەندا بڵاوکردەوە، ئەم رۆژنامەیە ئەکادیمییە و لەلایەن رێکخراوی توێژینەوەی ئاشتی لە فنلەندە دەردەچێت.

ئەم وتارەم بە لەبەرچاوگرتنی سیستماتیکیانەی بەرەوپێشەوەچوون لە سیاسییەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٥ نووسیبوو.

بێگومان لە زۆربەی کاتدا لە تورکیا ئەم سێکوچکەیە دووبارە دەکرێتەوە.

رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەیەوێت ریفۆرم یاساکان پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

گرژی و ئاڵۆزی ناوچە کوردییەکان بەردەوامە و هۆکارەکەش چەندین کەسی نەناسراوە، هەر ئەمەش وا لە سوپای تورکیا دەکات داوای ئەنجامدانی کاری توندوتیژی بکات.

لەبەرەنجامی ئەمانەشدا پەرلەمان بە ئاراستەیەک یاساکان ریفۆرمی دەکات کە وەک ئەوە نییە ئەردۆگان داوای دەکات.

ئەردۆگان لە مانگی شوباتی ٢٠٠٥ سەردانی دیاربەکری کرد، لەوێ باسی مەسەلەی کوردی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم مەسەلەیە پێویستی بە پرۆسەیەکی دیموکراتیزەکردن هەیە، بەڵام هەر دوای ئەمە بۆمبێک لە شاری هەکاری تەقییەوە، پەکەکە رایگەیاند کە ئاگاداری ئەم تەقینەوەیە نییە، دواتر لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ دەرکەوت GITEM لە تاوانێکی شەمدینان دەستگیر کران، بەڵام چی بەسەر ریفۆرمەکانی ئەردۆگان هات؟ بێگومان ئەو ریفۆرمانە سڕکران.

دیسان لە بەهاری ٢٠٠٦ هەوڵیدا یاسایەکی تازەی دیموکراتیزەکردن بداتە پەرلەمان، بەڵام ئایا چی روویدا؟ چەکدارانی پەکەکە بە چەکی کیمیاوی لە Bing کوژران، هەروەها کورد لەسەر توندوتیژییەکانی دیاربەکر تووڕە بوون، ئایا بەرەنجامی هەموو ئەمانە چی لێکەوتەوە؟

سەرەنجام هەموو ریفۆرمەکانی ئەردۆگان شکستی هێنا، لە بری ئەمە پەرلەمان یاسای ژمارە ٣٧١٣ی دژە تیرۆری دەرهێنا؟ ئەم یاسایەش هەموو ئەو ریفۆرمانەی گۆڕی کە یەکێتی ئەورووپا گوشار دەخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ وتوێژەکانی بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا سڕکران، بەڵام ئەم هەنگاوە بەس نییە، ئەردۆگان دەستبەرداری ئەوە نەبووە کە دەبێ ماددەی ٣٠١ی یاسای سزادانی تورکی بگۆڕێت، بەپێی ئەم ماددەیە هەر کەسێک رەخنە لە تورک بگرێت، سوکایەتی بە نەتەوەی تورک دەکات ئەمەش دژی ئازادی بیروباوەڕە.

دوای مانگێکی تر پەرلەمان دەنگ بۆ سەرۆکێکی نوێ دەدات ئەردۆگان ئێستا لە دەروازەی کۆشکی سەرۆکایەتیدایە، ئەمەش دژی خواستی ژەنەراڵەکانە.

هەر بۆیە کارێکی ئاسانە بزانین چی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا روودەدات، دەنگۆی ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ژەهراوی کراوە بۆ مرۆڤێکی لەسەرخۆ وەک ئەوە وایە کە نەوت بە ئاگردابکەیت.

لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆنەی نەورۆز مایەی نیگەرانی بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ کێشەی ئاڵا دروست بوو کە ئێستا بە ئاڵای ئیستفزازی ناسراوە لە مێرسین منداڵێک ئاڵای تورکیای سووتاند، ئەمە بووە هۆی گەورەترین کاردانەوە لای تورکەکان.

لە کۆتایی مارتی ٢٠٠٦ لە دیاربەکر لاشەی چەکدارێک بووە هۆی ئاژاوە لە دیاربەکر، بەڵام هەموو ئەمانە دوای نەورۆز روویاندا، بەڵام پێدەچێ ئەمساڵ پێش نەورۆز روودەن.

ئایا پەرلەمان ماددەی ٣٠١ی یاسای سزادان هەموار دەکات؟ ئایا ئەردۆگان دەبێتە سەرۆکی داهاتووی تورکیا؟ کێ قازانج دەکات ئەگەر هەستی کورد بریندار بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاسانە بڵێین کێ دەیدۆڕێنێ: ئەردۆگان و پرۆسەی ریفۆرم لە تورکیا و هەوڵی کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی، بێگومان دەبێتە ئالەتێک لە شەڕی نێوان ریفۆرمستەکان و نەتەوەپەرستەکانی تورک، ئەمە لە کاتێکدا رەگەزپەرستەکان بڕوایان بەهێز و توانای بزاڤی کورد نییە، کوردیش رازی نابێت ببێتە ئالەتێک لەم شەڕە بەدەست هیچ لایەکیانەوە. لە بری ئەمە بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن.

